## وەڵامێک بۆ مەریوان ونجوی مستعارەکانی. . . .. شەهلا نەقشبندی

ماوەیەك دەبێت كۆمەڵێك نوسین یان بڵێین بەناو قەڵەم بەدەستی داخ لەدڵ وبێ بەرنامە وتێنەگەیشتنن لە دیموكراسی و پەروەردە بەفكری تەنها هەر دەبێت من هەبم وكەسی ترم پێ قبوڵ نیە لەساحەكەدا پەنایان بردۆتە بەر كۆمەڵێك جنێو فرۆشی سەرجادە، وەرۆژانە بونەتە بنێشتە خۆشەی سەر سایتی كوردستان نێت ی خۆشەویست، گەر بەوردی لەم نوسینانە تێفكرێین زوو دەزانین كێن وكێشە وە چ لەپشت ئەم داخ لەدڵیەوە هەیە وەبۆ چ ئاوازێكیش دەخوێنێت كابرا وتەنی گەر ڕۆژێك وانەڵێم ئەی نان چۆن پەیدا بكەم، من دەمەوێت چەند شتێك بڵم لێرەدا بە مەریوان و ناوەمستعارەكانیان كەدەیانەوێت لەسەر حسابی نان پەیدا كردنیان جوانیەكانی كۆمەڵگەكەمان بشێوێنن، بەوردبونەوە لەژیانی تاكە تاكەی ئەوانەی خەریكی ئەو جۆرە نوسینانەن سەیر دەكەیت ئەسڵی ئەم نەخۆشیەیان لەكوێ وە هێناوە وەچەند لەكۆنەوە لەگەڵیاندایە بەشێوازێك كە بەرێز مەریوان نقشبندی لەنزیكەوە ژیانی بپرسین و وردبینەوە دەبینین چ باسە، ئەم بەڕێزە هەر لە سەرەتای تەمەنیدا تاكە كەسێك بوە لەوانەی لەخانەوادەی باوكیدا و لەناو خزمانیشدا بەیەك سیفەت ناو بانگی هەبوە ئەویش (ناڕاستی وتن لەهەركات وساتێكدا) خۆ ئەگەر بپرسن بۆ؟ وەڵامەكەی خودیەو بە خۆی حەل دەكرێت، ئەنجا ئەم گەنجە بەرێزە لەهەموو شت گرفتار تر ئەوەیە كە لە جێگایەكیش كاردەكات وە كەسكیش بەرپرسێتی كە بەڕێز شێخ عدنان نقشبندی یە ئەمیش ئەمیش بەهەمان شێوە لەناو شێخاندا و خزماندا بەكەسێكی (زۆر قسە ناڕاست) بەناوبانگە، وە هەموو ئەو ئاماژانەی كاك مریوان دەی نوسێت سەبارەت بە ئیسلام و بەحساب ئەم لەئیسلامەتی لەو پەڕیدایە یان ئەسڵی ئیسلام ئەوە كە حزبەكە ی ئەو پیادەی دەكات، ئەمەش دیسانەوە هۆیەكی دی ترە لە ئاوەژو كردنەوەی ڕاستیەكان، وە گەر بپرسن لەكوێش كاردەكات ئەم بەڕێزانە مەریوان وعدنان نقشبندی هەردوك لەوەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئاینی حكومەتەكەی هەولێر، گرفت ئەوەیە ئەوەی مەریوان ناناسێت لێی تێناگەن چیە وچۆنە بە درێژایی تەمەنی مەریوان تەنها چەند جارێك ئەویش بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن كە نوێژی كردبێت بۆ خوا بەهەمان شێوە بەر پرسەكەشی لەوەزارەت بەهەمان دەرد دەردەدارە.

جا من دەپرسم خەڵكینە كەسێك ئەمانە نوسەری بێت كەبە تەمەنیان هەوڵی نەئیسلاحی خۆیان نەچواردەوریان داوە لە ئافەتاكان چۆن دەتوانن خزمەت بە رۆژنامەگەری نەتەوەیەكی ماف خوراوی تازە شاد بوو بە هەناسەیەكی ئازادی، ئەمانە لەلایەك لەلایەكی دی خۆ دەبێت هەموو راستیەكان وەك خۆی بوترێن، گەر بڵێین هەموو نقشبندیەكان هەمان هەڵوێستن؟ بێگومان نەخێر، من ئاماژە ئەكەم بەهەڵوێستی ئەو كەڵەپیاوانەی كەئێستا سەد مەخا لەژیاندا نەماون كەسانی وەك (شێخ عوسمان سراج الدین و شێخ عمر وسێخ حسام الدین. . . ) كەچۆن هەمیشە خۆیان پێناسەدەكرد بۆ خەڵكی یان بە (خادم العلماْ واافقراْ) خۆیان دەناسان یان بانگەواز بۆ راستەڕێگەی ئیسلامەتی، كە دەتوانم بڵێم ئەوانە لەدوای خۆیان كەلێنیان خستە ناو شێخان. بۆیە من حەز دەكەم وەكو خاوەن وژدانێك كەڕۆژانە قەڵەمی نا بەجێ و هەست كردن بەمسولیەت بەرامبەر بەكێ دەنوسن:

1- بەرامبەر بەو حزبەی كەوشەی جوانی فێری خەڵكی كرد.

2- بەرامبەر بەو ئاسۆیەیی كوردستان كە ئومێد یكی پڕ لەخەیرە بۆ گەلە ستەم دیدەكە.

3- بەرامبەر بەیەکگرتوویەك کەتەمەنی پڕە لەخزمەت بۆ علمانی وناعلمانی وتەنانەت نمەك سۆێرەکانی کوردستانیش.
4- بەرامبەر بەو ڕۆژە ڕوناکەی کە رۆژێك لەرۆژان بەقەد مسقاڵە زەرەیەك خیانەتی نە لەوڵات نە لە لەخەڵك نەلەخۆی نەلە ئەندامی نەلە قیامەتیشی نەکردوە.
5- بەرامبەر بەو هیوایەیی کەدەستی لەپێشی پێشەوەیە لەهەموو ئاشتیەك.
6- بەرامبەر بەو دەستەخوشك و برایانەی کەوەك مۆم دەسوتێن لەپێناو گەڕانەوەی زەردە خەنە بۆ سەر لێوی خەمبارەکان و هەتیوەکان زولم لێکراوەکان دەرکراوەکان فەسڵکراوەکان.
. . .
7- بەرامبەر ئەوانەی کەدایم وەك چران و خەڵکی بەفوی ڕەشیان دەیانەوێت کوردستان بکەنە دۆزەخ لەدنیایی خەڵکیدا.
8- بەرامبەر ئەوانەی دە ستە دە ستە توند دەکرێن بەو پەڕی بەرائەتەوە لە بەندیخانەی نا هەقیەکان هەر ڕۆژەو بە ناو ناوناتۆرەیەك و شانۆگەریەك.
9- بەرامبەر ئەوانەی کەوتیان نا بۆ شەڕی برا کوژی نا بۆ زولم نا بۆ پارچە پارچەی باجەکەشیان داو بەقاڵبە سەهۆڵ توانەوە لەپشتی ئەندامانیدا کۆتایی هات.
جارێکی دی دەڵێم بەسە ئەی ناحەزانی میلەت بەسە ئەی دەستە ڕەشەکانی راگەیاندن بەسە، باکەم هەڵەکانی مێژوو دوبارە کەینەوە لەخیانەت بەیەکتر بۆ پەندەکانی پێشینان ناخوێندنەوە لەدێر زەمانەوە دەڵێن (گەر دار کرمی لەخۆی نەبێت زۆر دەژی) .